www.kurdistannet.org
21-1-2003 0:16

# یەکەمین لیزبیەنی کورد و یەکەمین گوتاری ئێمە !

کەیهان عەزیز–تاهیرسالّح شەریف
kayhanaziz@maktoob.com
Taher4@msn.com

کات ژمیر۱۰/۳۰ دەقیقەی شەوی ۱۷ی جەنیوەری ۲۰۰۳، بەکاتی ناوەندی ئەوروپا، کانالی تەلەفیزۆنی (s b s 6) ی هولەند، لە هەواڵەکانیدا (hart van nederland ) کووڕتەدیداریکی لەگەل کچە کوردیکی لیزبیەنی کوردستانی باشوردا، کە ناوی ( فینك) بوو، سازدا. لەو دیدارەدا، ( فینك) زۆر بە راشکاوانە و نەترسانە ئارەزووە تایبەتی یەکانی خۆی لە بینەران و لە شمشیری کەلچەر و مقەدەساتی زال بەسەر نەتەوەکەیدا نەشاردەوە ولە هەمان کاتیشدا بیزاری خۆی بەرانبەر بەکەلتوری دواکەوتووانەو سەدەکانی ناوەراستی زال بەسەر کۆمەلگای کوردستاندا دەربری.

گومانی تێدا نیە، بوونی پەیوەندی سیکسی لە نیوان رەگەزیکی چونیەك و هاوشیوەدا دیاریدەیەکی نوێ نیەکە تایبەت بیت بە کۆمەلگایەکی دیاریکراو و سەردەمیکی میژوویی دیاریکراوە وە، بەلکو ئەوە دیاریدەیەکی کومەلایەتی یە کە رەگ وریشەیەکی قولی لە میژووی مرۆڤایەتی دا داکوتاوەوە و هەزاران سالە کە ئەو پەیوەندیەیە بە شیوەی نهینی و هەندیك جاریش بەشیوەی ئاشکرا دریژەی پیدراوەلە ناو نەتەوە جۆراو جۆرەکاندا.

گەشە کردنی بایەلوجی مرۆڤ، سەلماندوویەتی کە ناکریت بوونی دیاریدەی پەیوەندی سیکسی هاورەگەز تەنها لە چوارچیوەی جینەکان و هۆرمۆنەکانی مرۆڤدا روون بکریتەوە، بەلکو دەبیت لە چوارچیوەی گشت ئەو بارو دۆخە کۆمەلایەتی یە دا روونبکریتەوە کە هەموو شیوەکانی پەیوەندی سیکسی نیوان مرۆڤەکانی لەو قۆناغە دیاریکراوەمیژوویی یەدا هیناوەتە بوونەوە. . . بە هەرحال، ئەو باسە باسیکی تیوری و مەعریفی دەخوازیت کە لە توانای ئەم ووتارە بە دەرە، بەلام ئەوەی کە لیرەدا مەبەستمانە بیلیین و پێ ی لە سەردابگرین باسیکی تر و گوتاریکی ترە کەبەدلنیایی یەوە بە بیچەوانەی هەموو داب و نەریت و کەلچەری کۆمەلگاکەمانەوەیە. . چونکە کەلتووری زال لە کۆمەلگاکەی ئیمەدا، کەلتوری سەدەکانی ناوەراست و کەلتوری دژایەتی کردنە لەگەل هەموو جۆرە ( ئازادی) یەکی فەردی و کۆمەلایەتی دا، کە ئەو کەلتورەش لەلایەن (دەسەلات) ، ( یاسا) ، ( مزگەوت) و ریخکراوە و دامەزراوە ئاینیە جۆراو جۆراکانەوە بەبەردەوامی بەرهەم و سەر لە نوێ بەرهەم دەهینرینتەوە. . . . . ئیمە لیرەدا دەمانەویت جورئەتی ( فینك) بەرانبەر بە کەلتوری دژی ئازادیە فەردیەکان بکەینە تەوەرەیەکی دیکەی رەخنەکانمان لە هەمان کە لتوری زال بەسەر کۆمەلگاکەماندا.

لەسەرەتاکانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا جوولانەوەو شۆڕشی سیکس وایلەکان (sexuele revoleetie) لە ئەوروپادا بەشیوەیەکی ئاشکرا دەستی پێ کرد. ئەو جوولانەوەیە، دریژەی جوولانەوەیەك بوو کە بەدریژایی چەندین سەدە لە بۆتەی ترس و سوکایەتی پێ کردندا کپ کرابوو، بەلام ئەوروپای سالانی دەیەی شەستی سەدەی رابردوو، بە پێ ی هەر پیداویستیەك بووبیت، جلەوی بۆ ئە و جولانەوەیەشل کرد و وردە وردە سەرنجی دایە سەر داخوازیەکانی کەسەکانی ناو ئەو جولانەوەیە.

ئەگەر لە ئەوروپای لانەی شارستانیەتدا تا نزیك بە نیوە سەدەیەك بەر لەمرۆ، سیکس والیتی تائەندازەیەك ئاسایی نە بوو بیت، ئەی ئەبیت لە کومەلگا داخراو و بە ئیسلام کراوەکاندا، کە قەیرانی فکر و تیرامانە بە شیوەیەکی ئازادانە، تا ئەمرۆش لەژیر کاریگەری ئەقلیەتی دارزیوی فیودالی و کەلچەری ئیسلامیدا دەنالینیت، ووژاندنی باس و کیشەیەکی وەك پەیوەندی سیکسی (هاورەگەز) ، ئەویش لەلایەن ژنیکەوە کە بە هۆی ( ژن) بوونیەوە رۆلی پلە (. . . .) پێ دراوە، دەبیت بە چ کوفریك و تاوانیکی گەورە بژیردریت ؟ لە کەلچەریك دا کە رەخنە گرتن لە سەرۆك و سکرتیری حیزب و سەرۆکی دەولەت و

www.kurdistannet.org

خیل. . ڕەخنەگرتن لە ئاین و تەنانەت گومان کردن لە ڕاستی ئەو چیرۆکانەی کە لە دەقە پیرۆزەکاندا نووسراونەتەوە بڤەیەکی گەورەبن و بەزاندنی سنووری هیلە بەسوور کیشراوەکان بیت، ئیدی لە کۆمەلگایەکی وا نەخۆشدا کەسیك بیت ، بۆمبیك بتە قینیتەوە و باس لە سیکس والیتی بکات، دەبیت چارەنووسی ئەو کەسە، جگە لە تیرورکرندنی یا بە قیمە کردنی جەستەی زیاتر چی بیت. . . ؟!

"فینك"، ئەوەی کە تۆ لە کانالی ( s b s 6 ) ی هولەندی یەوەزۆر نەترسانە ئاشکرات کرد، ئەوە حالەتیکە کە بەشیوەیەکی نهینی لە ناو کومەلگای کوردستاندا و لە ناو هەمان کەلتوری زال بە سەر کۆمەلگاکەماندا دەگوزەریت و هەمووانیش ئەو حالەتە دەزانن، بەلام پاریزەرانی هەمان داب و نەریتی کۆنی کومەلگاکەمان لە پیناوی بەرژەوەندی یەسیاسی و مادیەکانی خۆیاندا و بۆ سەرکوت کردنی هەرجۆرە ئازادیەیەکی تاك و کۆمەلایەتی جورئەتی باسکردنیان لەو ڕاستیەیە بابەتی یە شاراوەو نهینیە نیە، کەسیکیش، کە وەکو تۆنەترسانە ئەو ڕاز و نهینیە فەردیە ئاشکرا بکات، لە ڕیگای بلندگۆی مزگەوتەکان وکەسانێك کەستراکتورو ئەقلیەتی ڕزیوی سەدەکانی ناوەڕاستیان هەیە، فەتوای تیرور و کوتایی ژیانت دەدەن. . . !!!

تۆ لەژیر گوشاری هەر باریکی تایبەتی دا ئەو حالەتەت بۆ بینەرانی ئەو تەلەفیزۆنە ئاشکرا کردبیت، بەلام ئەوە هیچ لەو ڕاستی یە کەم ناکاتەوە کە لە کۆمەلگاکەی ئیمەدا، بەشیوەیەکی نهینی یانە پەیوەندی سیکسی هاو ڕەگەز هەیە و پراکتیسی هەمان پەیوەندی دەکریت. . . هومووقسەکانت ڕاست بوون، چونکە کەلچەری ئیسلام و پاشماوەی بیرو ڕاکانی سەدەکانی ناوەراست دوژمنی هەرجۆرە ئازادیەیەکی فەردی و کۆمەلایەتی و تەنانەت دوژمنی دەربرینی هەرجۆرە را و بیر و بۆچوونیکی سەربەستە لە بارەی ئەم یان ئەو دیاریدە و کیشەی فکری، سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی کۆمەلگاکەمانەوە.

لەمیژە کەسانی ڕۆشنبیری چەپ و سکولاروسیڤڵ بەرگری و داکۆکی لە ئازادی و یەکسانی و ڕیز گرتن لە هەست و نەست و ئارەزووە فەردی و کۆمەلایەتییەکان دەکەن، داوای ئایندەیەکی ڕۆشن دەکەن بۆ کۆمەلگای کوردستان، ئایندەیەك کە جیاوازە لە کەلتووری دیکتاتۆری سیاسی و ئاینی. لەو پیناوەدا لەگەل هیزە کۆنەپەرستەکاندا لەململانێ و کیشمەکیشدا بوون وقوربانییەکانی خۆیان داوە، بەلام بەداخەوە و ناخۆشبەختانە، تائیستا تای تای تەرازووەکە بە قازانجی فکری ژەنگاوی و کەرو هەلهیناوی سەدەکانی ناوەڕاست پارسەنگ بووە!!!. . . بەهەرحال، ئەوەی کە دەمانەویت بیلیین، ڕاگەیاندنی هاو دەردی نیە لەگەل تۆدا، چونکە ئیمەیش وەکو تۆی لیزبیەن ئاوارە بووین و لە گۆشەیەکی غەرب و غوربەتدا تۆز و گەردی نامۆیمان لەروو نیشتووە !!ئیمە و تۆ لەناو دوو ووشەدا یەکمان گرتووەتەوە: کە ئەویش ووشەی "ئاوارە" و"یاخی" بوونە !

ئاوارەبوون لەنیشتمان و خاکیك، لە کەلتووریك، کە بیرەوەرییە تال وسویرەکانی لە هەمووچرکەیەکدا وەك گەلە گورگی برسی دەم دەخەنە میشك و جەستەی شەکەت و ماندوومانەوە. . یاخی بوونمان لە "دەسەلات"، "یاساکان" و"کەلتوور"یك کە وەك شمشیریکی تیژ لەسەر گەردن وملمان ئامادەبووە تا نە بادا ووشەی " ماف " و "بیرکردنەوەی سەربەست" بە ناو قورگ و بەسەر زمانماندا تیپەریت وئەوەش وەك ڤایرۆسیکی کوشندە بچیتە جەستەی هەمان داب و نەریت وکەلتووری نەخۆش و کۆنەپەرستانەی کۆمەلگا کەمانەوە !!!

ئیمە دەزانین کە هاتنە دەرەوەی تۆ لە شاری سلیمانی، خۆی لە خۆیدا "یاخی " بوون و بیزار بوونی تۆ بووە لەو سیستەمە سیاسی _کۆمەلایەتی و کەلچەرەی کە ڕەنگە ڕۆژی سەدان جار ئارەزووە پرسۆنالیتیەکانی تۆی گۆرەو شاردابیت!!یاخی بوونی تۆ و ڕۆشنبیرە تورا و و ئاوارەو دلشکاوەکان، دەرئەنجامیکی ئاسایی و سروشتی، ئەو کارەساتە کۆمەلایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، فکری و ئابووری یەیە کە وولاتەویرانەکەمانی تیدا دەژی. . . !! تۆ یەك کە لە گۆشە نیگای ئارەزووی تاکی خۆتەوە تورە و بیزار بوویت لە سەرتاپای کەلچەری کۆمەلگاکەمان، ئاخۆ دەبیت ئیمەیەك، کە مووە

سپیەکانی سەرمان، لەکیشمەکیش لە گەل هەمان کەلچەر و سیستەمی سیاسی دا، کە تەنانەت بچوکترین ریزیش لە یاسا دانراوەنا سیڤیلەکانی خۆی ناگریت، خۆشترین برگەکانی ژیانمان کردە قوربانی ململانێ کردن لەگەل ئەودا، چی بلیین و چ هەلویستیکی بەرانبەر بگرین. . . ؟!!

ئەو ئامانجەی کە کراوەتە نیشانە بۆ رەخنەکانی ئیمە، کۆتایی هینانە بە دەسەلاتی رەهای دەسەلاتە خوداییەکانی فەرمانرەوا، بە سەر نیشتمانە ویرانەکەماندا کە هەموو جۆرە ئازادیەکیان کردووە بەنووکی رم و شمشیرەوە و کۆمەلگایان بە پێ ی ئارەزووەکانی خۆیان لەسەر خۆیان و وەچەکانیان تاپۆ کردووە. . کیشەی ئیمە بەر گرییە لە ئازادی هزر، لە ئازادی پراکتیس کردنی هەست ونەست وئارەزووی تایبەتی تاکی کۆمەل ودیاری کردنی کاراکتەری خۆیان بەوشیوەیەی کە دلخوازی خۆیانە. . چی تر ماستاو و ریایی لە بەردەم سەرۆك وسکرتیر و خەتیب و مەلا و دەزگا سەرکوتگەرەکان نەکریت، لەیەك قسەدا سیستەمی باوك سالاری نەفرەتی لێ بکریت و ئەو شتانەی کە مقەدەسن نامقدەس بکرین، هەروەك تۆ لە دیدارەکەتدا لایەنیکی ئەو سیستەمەت بردەژیر پرسیارەوە و سنورە پیرۆزەکانت بەزاند. . .

فێنك خان، کۆمەلگای ئیمە و تاکەکانی ئەو کومەلگایە، باجی دووروویی و ترس لە ووتنی راستی یەکان دەدات. . بەشیك لە نەهامەتییەکان و تەنانەت یەکیك لە هۆیەکانی ژیر دەستە بوونی میلەتەکەی ئیمە گوێ ی خۆ کەر کردنە بەرانبەر بەراستی یەکان و راشکاو نەبوونیەتی لە سەرزەنشت کردنی دیاریدە دزیوەکاندا!!

"فینك" تۆ دەزانیت چەند سەرۆکی نەخویندەوار و ئەحمەق کۆمەلگاکانی رۆژ هەلات بەریوە دەبەن؟؟. تۆ دەزانی کوردستانیش بەشیکە لەو ئمپراتۆریەتی جەهل و خورافەیە !!تۆ نازانیت چەندرۆژنامە و گۆڤار و تەلەفیزۆن پارت هەیە لە وولاتەکەماندا، کەچی هەردوو"قارەمان" بریاردەر و حاکمی موتلەق و ریژەی نەگۆرن !! تۆ نازانی سیاسی یەکانی وولاتانی بە ئیسلام کرا و هونەرمەندی دووروویی و فریودان و بەشوودانن ؟ تۆ دەزانی کەلتوری ئیسلام و مینتالیتایتەکەی بەرهەم وستراکتوری ئاوا دەخاتەوە ؟ تۆ دەزانی سەرتا پای کۆمەلگاکەمان دیکۆر و چاپلوسی وداپاۆسین و تیکشکاندنی هەست و ئارەزووی تایبەتی کەسەکانە. . . ئیدی نازانین تۆ لەم کاتەدابۆچی خوینی خۆت بەوان حەلال کرد. . . ؟؟؟؟؟؟؟

١٩ ی جەنیوەری ٢٠٠٣

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15